رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
7-11-2007 3:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆ ئەوانەی بەناوی خوازراو پەلاماری جەنابی دکتۆر زریان دەدەن!! ... زامدار چیوەیی

پسپۆڕانی بواری دەروونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە خەو بینین زۆرتر حەزوئارەزووە بەدی هێنراوەکان دەگرێتەوە یاخود ترس لە شتێك کە ئەو مرۆڤە ئەخاتە حاڵەتێکی شڵەژانەوە، وەبەخەون ئەو حەزو ئارەزووە یان ئەو ترسە ئەبینێت کە لە ژیانی رۆژانەیدا ڕوویداوە، بۆیە ئەبینین ئەو نائارامیە دەروونیەیی کە دکتۆر محەمەد خۆشناو و براکانی و کوڕەکانی تێیکەوتوون، بەردەوام خەون بە شتی سەیر سەیرەوە ئەبینن ئەوەتا لە سایتی کوردستان نیت بە ناوی خوازراو دائەبەزن ئینجا من لەگەڵ ڕیزی بی پایانم بۆ سایتی کوردستان نیت، نووسینەکانیان بێسەروبەرو منداڵانەیە وەك شەهادە تەزویرەکە کەوتوونەتە قسەی بی مانا بەرامبەر بە بەڕێز جەنابی دکتۆر زریان وەزیری تەندروستی، دیارە ئێمە وەکو خەڵکی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسان و خۆشناوەتی زۆر باش جەنابی دکتۆر زریان ئەناسین، جێگای فەخرو شانازیە لای ئێمە، ئەو وەك پێشمەرگە و دکتۆر خزمەتێکی زۆری بە کورد و شۆرشی نوی و خۆشناوەتی کردوە، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە ئەو لای ئێمە پێشمەرگە بوو بەشایەدی هەموو خەڵکی دۆڵی خۆشناوەتی، باشە ئەوسا بنەماڵەی دکتۆر محەمەد خۆشناو لە کوی بوون؟ نازانم بە چ جورئەتێك باسی جەنابی دکتۆر زریان ئەکەن؟ بەخوا پسپۆڕانی دەروونی باشیان فەرمووە کە ئەڵێن ئەوەی لە کەسێك بترسی خەونی پێوە ئەبینێت، ئەوەتا بە سەدان کەس لە سایتەکانی ئەنتەرنێت لەسەر دزی و گەندەڵیەکانی دکتۆر محەمەد خۆشناو ئەنووسن لە بەرامبەردا خەڵکێکی زۆریش فەخروشانازی بە دکتۆر زریانەوە ئەکەن، ئەوەتا دەیانی وەك من هەر نای ناسین باسی خزمەت و پیاوەتی و ڕابردووی ئەم دکتۆرە پێشمەرگەیە ئەکەین، من خۆشحاڵم کە نای ناسم، چونکە بیناسی جیایە خەڵك دەڵێن ئەها بەشان و باڵیدا هەڵ ئەڵێت، ئەو کاتەی ئەو لە سنورەکەی ئێمە بووە من تەمەنم سی ساڵ بووە، بەڵام باوکم و خزمەکان و خەڵکی ناوچەکە باسی شۆرشگێڕیەتی و مەزنی ئەو پیاوە بەڕێزە ئەکەن، ئەڵێن ئەم پیاوە جوامێرە چەند ساڵێك ماڵی لە ئەشکەوت بووە ئەو منداڵەی لە ئەشکەوت لە دایك بووە ئەگەر بە هەڵە دانەچوبم دەڵێن ئەمڕۆ ئەو منداڵە لە ئەوروپا لە زانکۆیە، کوڕی جەنابی دکتۆر محەمەد خۆشناو یش دەڵێن بە شەهادەی تەزویر لە زانکۆ ئیفلیجەکەی کۆیەیە، ؟ ئەڵێن پیشەی تەندروستی پیرۆزوئینسانیە، ئەگەر وایە کابرایەك دکتۆر بێت چۆن ڕێگە ئەدات کوڕەکەی بە شەهادەی تەزویر لە زانکۆ بخوێنێت؟ چۆن دکتۆر بێت دزی لە میللەتەکەی ئەکات، ؟ نیشتیمانەکەی ئەتك ئەکات؟ جگە لەوەش ئەبینین خەڵکانێك بۆسامان ودەسەڵات یان بۆ پارە ئەنوسن و بەشان وباڵی خۆشناودا هەڵ ئەڵێن و خەڵك ئەشکێنن بە هەڵبەستنی بوختان بۆیان.، لەوەشیاندا نازانم خۆشناو چۆن زات ئەکات ئەمە بکات.

چونکە مامۆستا هێمنی شاعیر بەوکەسانە دەڵێت کە بۆ پارەو بەناوی خوازراو دەنووسن دەڵی ...

تۆش لەبەر ئەو ملهوڕانە مل کەچی
تۆش بە ڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو
چاوی تۆشی هەڵفریواند زێڕوزیو
تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر
کەنگی گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر
زێڕ بەڵایە بی وەفایە دەوڵەمەند
هەر هونەر نەمرە هونەوەر مەرد و ڕەند
چڵکی دەستە ماڵی دونیا وەك دەڵێن
ماڵ پەرست پەیمان شکێنەوبی بەڵێن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وه ئێمه وەك دۆڵی خۆشناوەتی و بالیسان و شێخ وەسانان و چیوه و خەتی و توتمەو هەرتەل و دوڵی ئالانه ڕێزمان هەیه بۆ دکتۆر زریان وەتەنها ویژدانمان ڕێگەی پێداوین ئەمەی بۆ بنوسین و هەموو ئەو درۆ و بوختانانه ڕەت بکەینەوه که بۆی هەڵدەبەستن، چونکه ئێمه دوڵی خۆشناوەتی قەد چاکەی ئەو پیاوه مەزنەمان بیر ناچێت که له دادگایی سەدام و سەرانی ڕژێمی بەعس دا شایەدی لەسەر تاوانەکانی ئەوان و کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسانان دا، بەڵی له گەرمەی ناخۆشیەکانی ئێمەدا ئەو حزوری هەبووه، بەتایبەت لەکیمیایەکەدا، ئاخر چۆن ئەمڕۆ چاکه و قارەمانی ئەو پیاوه مەزنەمان بیر بچێت و چەند هەرزەکارێك که هەموو کەس دەزانێت له کوێوه ئاڕاسته ئەکرێن پەلاماری ئەو زاته بدەن، لەکاتی کیمیابارانەکەشدا هەر خەڵکی ناچەکه دەزانن چی کردوه بۆ ئەو خەڵکه، بەڕاستی ئەگەر وا بڕوات ئێمه بیر لەوه ئەکەینەوه گروپێك بەناوی ڕۆڵه به وەفاکانی خۆشناوەتی دروست بکەین و داکۆکی نەك هەر له دکتۆر زریان له هەموو ئەوانه بکەین که خزمەتیان کردوه به گەل و نیشتیمان و ناوچەی خۆشناوەتی و ئەوانەشی که گەندەڵ بوون و دز بوون، مەلەفی دزیەکانیان بۆ هەڵ بدەینەوه، بەڕاستی کاتی ئەوه هاتووه قبوڵ نەکەین چیتر سوکایەتی به ناوی خۆشناوەتیەوه بکرێت، چونکه ئێمه خاوەنی سەدان کەسایەتی ئاینی و شاعیروبەرپرس و سیاسی و هەزاران شەهیدی قارەمانین نمونەی وەك شەهید مەلانەجم و شەهید مستەفا خۆشناو و شەهید حەسەن خۆشناو خوالێخۆشبوو دکتۆر کەمال خۆشناو سەرۆکی پێشووی زانکۆی سلێمانی و لەگەڵ سەدان شەهیدوسەرکردەی تری خۆشناوەتی بەداوای لی بوردنەوه کەناوی هەموویانم لەبەردەست دا نیه، خاوەنی نمونەی شاعیری مەزنی کورد شێخ سافی هیرانی و ئەمڕۆش خۆشحاڵ و سەر بڵندین بەوەی که که سێکی وەك دکتۆر محەمەد سدیق خۆشناو سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدینه لەگەڵ هەزاران دکتۆر و پارێزەر و ئەندازیار و پیاوی ئاینی و کۆمەڵایەتی و مامۆستای تری خۆشناوەتی.

له کۆتایدا به هەموو ئەوانه دەڵێم کەبۆ پاره بەشان و باڵی خۆشناودا هەڵ دەڵێن، یان بەناوی خوازراو پەلاماری دکتۆر زریان ئەدەن، دەڵێم تۆزێك شەرم له خۆتان بکەن، له عەشیرەتی خۆشناوەتی بکەن، .

ئەوەندەش بۆ کەسێکی وەك دکتۆر زریان بەسه ئەمڕۆ به هەزاران کەس ئامادەیی تیایه بەرگری لی بکەن و پاسەوانی بکەن و له جیاتی ئەو وەڵامی درۆ شاخدارەکانی ناحەزانی بدەنەوه.

دووباره دەڵێم هۆش بێنەوه سەر خۆتان له ناو زەڵکاوی بوختان و خیانەت وەرنه دەرەوه وەك مرۆڤ بژین.

زامدار چیوەیی.. zamdarchiwayi@yahoo. com
هەولێر 5 11 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.